# سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە بەعسیچێتی یەوە بۆ گەندەڵی ئیداری

مێژووی ئەحزابە ناسیونالیستەکانی کوردستان بە درێژایی تەمەنیان چی لەکات و سەردەمانی (ئۆپۆزیسۆنی) و شاخاویی بوونیاندا و چی لە سەردەمانی حاکمیەتیاندا لە نێو شارو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتیاندا مێژوویەکی پر لەتاوان و دۆسیەی رەشە, مێژوویەك کەڵەکە بوو بە ئاکتەکانی شەری ناوخۆ , سەرکوت وراونان و تیرۆری موخالیفینی سیاسی بەهێزی چەك وزیندانیکردنیان , قەدەغەکردنی ئازادی یە سیاسیەکان ,جاسوسی کردن بۆ حکومەتە ئیسلامی وفاشیستەکانی ناوچەکە و,,,,,,,تاد ,, وە لە نێو لیستی ئەحزابە ناسیونالیستەکاندا یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆلێکی بەچاوی گێراوە بە تاییەت لە مێژوی هاوچەرخی کوردستاندا لە جێبەجێکردن وئە نجامدانی ئەم کارە دژە ئینسانی و نەفرەتلێکراوانەدا .

وە یەکێك لەو هۆکارە ئەسلیانەی کە ئەم تاییە تمەندیی یە ئەبەخشێ بە (ی.ن.ك) بەدەر لە ئامانجی سیاسی وەکو هێزێکی کۆنە پەرستی ناسیونالیست , مەسەلەی رەفتار و خەسڵەتی مافیایی سەرکردایەتی ئەم هێزە کۆنە پەرستەیە , خەسڵەتێك کە دەکرێ تەنها لەنێو تاقمێکی مافیایی دا بەدیبکرێت کەهێزی پارەو پول و تەڵەکەنانەوە بۆ یەکترو پاشەقولگرتن لە دۆستانی دوێنێ حوکمی خۆی دەکات و یاسا دادەرێژێت . لەگەڵ گۆرانی بارودۆخی سیاسی وکۆمەلایەتی لە کوردستان وناوچەکەدا رۆژ بەرۆژ ئەم مەسەلەیە بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە زیاتر رۆشنتر دەبێتەوە و راستی یەکان دەردەکەون , وە دەکرێ دوو سکانداڵ و ئاکتی رەشی سیاسی تازە وەکو بەڵگەی واقیعی ئەم راستیە بسەلمێنن کە بەئاشکرا لەنێو خەڵکی دا ئەمرۆ باسی لێوەدەکرێت وقسەی لەسەرە یەکەمیان مەسەلەی مەلەفدارەکان و ئاشکرابوونی پەیوەندی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بە دامودەزگاکانی موخابەرات وئەمنی رژێمی بەعسەوە وخزمەتکردن بۆ ئەم رژێمی ئەنفال وکیمیابارانەو و جاسوسی کردن بۆی بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ,ئەمەلەکاتێکدا کە هەزاران کەسی بێگوناه لەریزەکانی (ی.ن.ك)دا بوونە قوربانی شەری چەکداری (روکەشی) ئەم هێزە کۆنە پەرستە لەگەل رژێمی بەعسدا , مەسەلەی دووەمیش کێشەی ناو سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەسەر پلەو پایەو جێگاو شوێن لە حکومەتدا و شەر لەسەر سەروەت وسامان و بوونی گەندەڵی لە ئیدارەدا کە چەندین جار جەلال تالەبانی لەدەزگاکانی راگەیاندنەوە بەناچاری باسی لێوە کردووە , وە ئەوەی واهەوڵدەدرێت کەئەم کێشەیە پەیوەندی بەسنووری دەسەلاتی فۆنکسیونە رێکخراوەکانەوە هەیە نیشان بدرێت ,لەراسیتی دا ئەمە رووکەشێکی زۆر کاڵە و سەرکردایەتی (ی.ن.ك) تەنها دەتوانێ قەناعەت بەخۆی بکات نەك بەخەلکی لە روونکردنەوەی ئەم کێشەیەدا, چونکە بۆ هیچ کەس مەعلوم نی یە کە چۆن سەرکردەو مەسئولەکانی ئەم لایەنە بوونە بەخاوەنی ئەم هەموو سەروەت وسامانەو لەکوێ پەیدایان

کردووە ....؟ و ئامارەکانی چەندن ...؟ وە کێ لێیان دەپرسێتەوە لەکاتی گەندەڵی ئیداریدا ...؟وە بۆچی دەبێ زۆربەی خەڵکی کوردستان هێشتا هەر دەردی هەژاری وگرانی بچێژن ...؟

**عرفان کریم**

**ئەڵمانیا**

13.11.04